وەزیری کارەبا بەفەرمی هێڵی کارەبای عێراق_ئوردنی کردەوە

ئەمە شەممە،زیاد عەلی فازە وەزیری کارەبای عێراق،بەفەرمی هێڵی کارەبای عێراق-ئوردنی کردەوە.

وەزارەتی کارەبا لە راگەیەندراوەکدا رایگەیاند:-پرۆژەکە بە سە قەناغ تەواو دەبێت و بەیارە ٥٠٠ مێگاوات کارەبا بەرهەم بهێنێت.

ئاماژەی بەوەکرد ,,کردنەوەی ئەو هێڵە بە دانیشتوانی شاری ڕوتبەیە لە پارێزگای ئەنبار، کە پێشتر ژێرخانی کارەبای شێرکە بە هۆی داگیرکاری لە لایەن داعشەوە وێرانکرابوو.
بەپێی راگەیەندراوەکە وەزیری کارەبا وتی; ئەمساڵ پرۆژەیەکی تری کارەبا لە نێوان بەسرە و کوەتدا دەستپێدەکات و بەمەش ڕۆژی بەرهەمهێنانی کارەبا دەچێتە قەناغێکی ترەوە

هاوکات وەزیری کارەبا ئەوەشی ڕاگەیاند، بە هەمان خێرایی لەگەڵ وەزارەتی نەوت کاردەکەین بە پەرەپێدانی سیستمی کارەبای خەمان و بەرهەمهێنان لە غازی نیشتمانی بە وەستگەکانی کارەبا لە بری غازی هاوردەکراو